# ئەوەی بە کیژۆڵەیەک ئەنجام درا، بە هەموو پیاوەکانی فەڕانسە و ئینگلتەرا ئەنجام نەدرا

تەها ئەمین هەڵەدنی



هەندێک جار، ناتواندرێت مێژوو بخەڵەتێیندرێت،هەرچەند هەمو وزەو تواناشی بۆ بخەینە گەڕ.
ئینگلیزەکان بۆ ماوەی 100 فەڕانسایان لە خاک و خوێن هەڵکێشا، 100 ساڵ خوێنی جوتیار پاڵەو ڕەنجەدەران ڕژێندرا. منداڵ ،گەنج، پیر، پەکە کەوتە وەک یەک دەسوتێندرا. هەردوو نەتەوە وزەی لێبڕا، لە پێناو دەسەڵات و دەسکەوتی پاشاکان و پاپاکاندا. هەتا دەهاتیش جەنگەکە گەرمتر و ماڵوێرانتر دەبوو. بەڵام بە هەموو پیاوەکانی ئینگلتەراو فەڕانسە، نەیان توانی چارەیەک بۆ ئەو جەنگە بدۆزنەوە!
لەپڕ ،هەموو جارێک لەپڕ، یەکێک لە ناو کۆمەڵدا لە بێزاریدا ڕادەبێ و هەموو بابەتەکان دەوروژێنێ. (ژان دێ ئارک)، یان پەری دەریای (ئۆرلێناس) لە ڕۆژی 6ی 1ی ساڵی 1421 لەدایک بوو. لەبەر ئەوەی، ئەو ژینگەی ئەوی تێدا دەژیا ژینگەیەکی ئاینی بوو، بۆیە ئەویش بیری لە بیرڕای ئاینی دەکردەوە. پەری دەریا، نەخوێندەوار لە 13 ساڵیدا ووتی: دەنگێک لە ئاسمانەوە دەبیستم. بەو ووتەیەی باوەڕی هێنا، بە دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا و لە کۆتایدا بوە سەرلەشکری، هەموو فەنسا. دواجاریش فەڕەنسای لە دەست ئینگلیزەکان ڕزگار کرد.
ژان دێ ئارک فەڕانسەی لەدەست ئینگلیزەکان ڕزگار کردو کۆتای بە جەنگی 100 هێنا.
ئەو کیژە قارەمانە، کە فەڕەنسای ئازاد کرد، ویستی بگەڕێتەوە گوندەکەی کە لێی لەدایک بوە. بەڵام پاشا داوای لە ژان دێ ئارک کرد، کە ببێتەسەرلەشکر. بەڵام پاشتر بە پیلان بریندار کرا، پاشان بە فێڵو تەڵەکەی پیاوەئاینەیەکان فرۆشرا، لە 30ی5ی 1431 سوتێندرا، بە بیانوی جادوگەری، لە تەمەنی 19 بەهاریدا!
کۆمەڵێک پرسیار لێرەدا خۆی دەسەپێنێ:

عەمامە بەسەرەکان چۆن دەیسەلمێنن کە دوو ژن لەجیاتی پیاوێک دەبێت بینەر (شاهید) بێت؟ سورەی مانگا282. واتا:چۆن ئەوێرن دوو ژن بە پیاوێک حساب بکەن؟

پرسیار بۆ ئەو ئیسلامیانەی کە هێشتا خۆیان نەتەقاندۆتەوە، چۆن دەتوانن و بە ڕەوای دەببین، کە نیوەی میراتی کوڕێک بدەن بە کچ یا ژن؟ سورەی ژن 11. چی ئەڵێن لە ئاست پەیکەرەکەی ژان دێ ئارک؟

پرسیارێک بۆ ئەوانەی بۆتان ئەکەرەم تۆفیق هەورامیان نارد بۆ ئەفگانستان کە سەرۆک وەزیری ئەفگانستان بکوژێ، ئایا پیاوان کارسازو سەرپەشتکاری ژنانن، سورەی ژن 34؟

مەگەر ژان دێ ئارک سەرپەرشتی گەورەترین دەسەلاتی 5 سەدە لە مەو پێش جیهان نەبوو؟ لینکی بۆتان تۆفیق هەورامی، لە زیندانی ئەفانستاندا.

http://www.aljazeera.net/news/archive/archive?ArchiveId=44484

ئایا مێژووی ژان دێ ئارک ساختەیە و دروستکراو یا قورئان؟

کوا بۆ بەهەموو پیاوەکانی ئینگلتەرا و فەڕەنسا، هێندەی ئەو کیژە نەخوێندەوارەیان پێنەکرا؟

مەگەر مەستورە خان سەرپەرشتی هەموو ئەردەلان نەبوو!؟

ژینگەی ووشک برینگ ونەداری نیمچە دوورگەی عەرەبی، ڕێگەی نەداوە، کە داهێنان دروست بێ. عەرەبەکان لە ئەنجامی نەبونیدا، هەمیشە سەرگەرمی خۆڕزگارکردن بوون، لە چنگ هەڕەشەی مەرگی برسێتی. بۆیە نەک ژن، پیاوێکیشیان تێدا هەڵنەکەوتوە، کە داهێنانێکی هەبێ.

قورئان دروست کراوی ئەو ژینگەیەیە، قورئان مێژووی ئەو ژینگەیەیە.

لەیادی ڕۆژی ژندا، چەپکێک نێرگز، بۆ سەر گڵکۆی قارەمانی مێژووی ژان دێ ئارک. دەریایە نفرەتیش لە سەرجەم دەسەلاتدارانی ئاینی.

لینکی ئەسکۆلپێدیای سویدی دەربارەی ژان دی ئارک.

http://sv.wikipedia.org/wiki/Jeanne_d'Arc